www.kurdistannet.org
31-10-2005 18:03

## سەرۆکی پەڕلەمانی کوردستان بێدەنگی هەڵبژاردووە! بەرامبەر کێشەکەی دکتۆر کەمال سەیدقادر. ... جەمال عەزیز

لەدنیایی ئازادیو دیموکراسیو مافی مرۆڤدا پەڕلەمان هەیە ! هۆڵی پەڕلەمان ئەو جێگە پیرۆزەیە کە دەستوورو یاساو ڕێسایی ووڵاتی تێدا شەنوکەو ئەکرێ باش لە خراپ جیا ئەکرێتەوە هەڵوێستەئیجابیەکان هەڵئەسەنگێنرێو گفتوگۆی تێروتەسەلی لەبارەوە ئەکرێ تاکوببێتە بنچینە بۆ بەرقەراربوونی یاسا، هەروەها یاساش لەسەرو هەموو کەسو لایەنو باڵادەستیەکەوە دائەنرێو ئەبێت هەموو مل کەچی بەردەم یاسابنو یاساش لەخزمەت هاوڵاتیاندا بەگەڕ ئەخرێ.

پەڕلەمانتار ئەو مرۆڤەیە کە چاودێرئەبێت بەسەر بەڕێوەچوونی یاساو باری ژیانی هاوڵاتیانداو لەهەموو ڕوویەکی ژیانەوە لەهەوڵی بەرەوپێشچوونو بەرقەراربوونی یاسادا کارئەکاتو لەچوارچێوەی یاساش دەرناچێ، ئەم پەڕلەمانتارانەی کەپەڕلەمانی ووڵاتێك پێك دەهێنن کەسێك هەڵئەبژێرن بۆ سەرۆکی پەڕلەمان کەباڵادەستیەکی زیاتری ئەدرێتێ تاکو بتوانێ نوێنەرایەتی ئەندامانی پەڕلەمان بکات لەڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو لیژنەو باڵاکانی بەڕێوەبەرێتی ووڵات تاکو بتوانێ پەنجە بۆ کارو کردەوە نایاساییەکان درێژ بکاتو ڕێگربێت لەبەردەم بێڕێزی کردن بەیاسا.

ئەمڕۆ لەکوردستانی باشور بەڕێز( عەدنان‌مفتی) سەرۆکی پەڕلەمانی کوردستانە هەرچەندە بەڕێزیان لەلایەن پەڕلەمانتارانەوە هەڵنەبژێراوەو بەشێوەی دامەزراندن لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو لیستی سەوزەوە دەست نیشان کراوە بۆ ئەو جێگەو مقامە ، بەڵام وادیارە ئەویش تواناو سەروەری خۆیو یاساکەی لەدەست داوە بەمەرجێ بەڕێزیان بۆ لەکار لابردنی هیچ ترسێك لەئارادا نیە لەبەر ئەوەی لەئەنجامی 50 بە 50 کەی ساڵانی پێشوو ئەو سەرۆك پەڕلەمانەی بەنسیب بووە ، ئەگەر مام جلال نەبێت بەسەرۆکی عێراقو لەلایەن کاك مسعود بارزانیەوە دەست نیشان نەکرایە ئەوە لیستی سەوز ڕازی نەدەبوون کەکاك مسعود ببێت بەسەرۆکی کوردستان ، ئەگەر بەڕێز نێچیرەڤان بارزانی نەکرێت بەسەرۆك وەزیرانی کوردستان هەرگیز لیستی زەرد ڕازی نابێت کەبەڕێز عەدنان مفتی ببێت بەسەرۆکی پەڕلەمانی کوردستان، ، ، ، ، ، ، باسەکەمان لێرەوە دەست پێئەکات!!!.

(پەڕلەمانو حوکمەتو سەرۆكو یاسا) کەلەدەستوری ووڵاتدا ناویان دێت ئەبێت لەخزمەتی کۆمەڵانی خەڵکدا بێت ئەگەر لەوڕێڕەوەی دەرچوو مانایی ئەکەوێتە خانەی دژە گەلەوەو هەروەها متمانەی جەماوەر لەدەست ئەدات کۆمەڵانی خەڵك بەچاوێکی بێڕێزو سووك سەیری گشت دامو دەزگا خزمەت گوزاریەکانیش دەکەن، هەرگیز ئامادە نابن بۆ هەڵبژاردنی ئایندە دەنگی بۆ بدەن ئەگەر هەرکاتو ساتێك هەڵبژاردن بکرێ، هەرحوکمەتو پەڕلەمانێکیش لەلایەن خەڵکەوە نەبوو مانایی بۆ خەڵکیش نیە ئەو کاتە ووڵاتو یاسا بەرەو تاکڕەوویو دکتاتۆریەت ئەچێو گشت بەها پیرۆزە بنچینەیەکانی ووڵات ئەشێوێ. .لەکوردستان پڕوپاگەندەی ئەوەدەکەن کەیاسا سەروەرەو دیموکراتیەت باڵی بە سەر ووڵاتدا کێشاوەو هەموو کەس لەسایەی یاساوە مافەکانی پارێزراوە، بەڵام ئەوەی کەئەبینرێو ئەبیسترێ دوورە لەڕاستیەوە ئەو یاساو سەروەریەی کەکاری پێدەکرێ تەنها لەخزمەت چینی باڵادەستدایەو بووە بەداشی دامەی حیزبو لایەنە سیاسیەکانو بۆ بەرژەوەندی تەسك وەك لاستیك یاسا ئەکشێنن چۆنیان بوویێت ئەیگونجێنن ، پەڕلەمانی

کوردستان ڕاستگۆی خۆی لەدەست داوەو ناتوانێ بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بسەلمێنێ کەپەڕلەمانو حوکمەت لەخزمەت گەلدایە هەروەها گەلیش ناتوانێت باوەڕ بەخۆی بهێنێ کەخاوەن پەڕلەمانو حوکمەتو یاسایەکە کەگشت مافەکانی لەڕوانگەی یاساییەوە پارێزراوە.

کاك عەدنان مفتی لەبەرئەوەی لەلایەن حیزبێکی سیاسیەوە دامەزرێنراوە باوەڕ ناکەم هیچ حیزبو لایەنێك بتوانێ لەهەرەمی دەسەڵات دایبگرێ بێجگە لە ئەو لایەنەی کەخۆی پەیوەستێتی لەبەرئەوەی ئەو شێوە سیاسەتو دابەشکردنەی ئەمڕۆ لەکوردستان بەڕێوەئەچێ وەك بیردۆزێکی پێوانەیی لێهاتووە کوردستانی باشور کراوەتە ناو دووتایی تەرازووەوە ئەبێت پارسەنگیان بپارێزرێ، مانایی ئەوەیە کاك عەدنان مفتی لەناو ئەو هاوکێشە پێوانەییەدایە کەناوی 50 بە 50 یە ئەمانە هەمووی پشتگیرین بۆ ئەو سەرۆك پەڕلەمانای کەفیل ناتوانێ لەهەرەمو کورسی دەسەڵات دایبگرێ ، ئیتر نازانم بۆچی بەڕێز عەدنان مفتی لەو پێشێلکاریانەی کەلەبەر چاوی ئەکرێ بێدەنگی هەڵبژاردوە یاخود ئەو یاسا شکاندنانەی چۆن بەسەردا تێپەڕئەبێ لەکاتێکدا کەبەڕێزیان زۆر بەباشی ئاگاداری بەڕێوەچوونی کاروباری هاووڵاتیانە ئەویش وەك ئەو کوردانەی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان ئاگاداری زیندانی کردنی) دکتۆر کەمال سەیدقادر)ە هەروەها ئەزانێ کەبەشێوەیەکی نایاسایی زیندانی کراوەو چەند کەسێکیش نەبێ کەس نیە بزانێ لەکوێ زیندانی کراوە هەروەها شێوەی زیندانی کردنەکەو چۆنیەتی دەستگیرکردنیشی بەهەمان شێوە لەچوارچێوەی یاسا بەدەرە، من وەك زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەو شێوە نووسینو ووتارانەی دکتۆر کەمال نەبووم کەپێشتریش بڵاوی ئەکردەوە بۆ شاهیدی نووسینەکەم لەماڵپەڕەکاندا دەربارەی ئەو جۆرە نووسینو بابەتانەی کەزۆر لەنووسەران لەماڵپەڕەکاندا ئەیانووسی من پێچەوانەیانم نووسیوەو ئەو جۆرە نووسینو ووتارانەم بە بەدەر لەیاسا ناوزەند کردوە، هیچ کاتێك ڕێگەم بەخۆم نەداوە کەبەهەریەك لەبەڕێزان مسعودبارزانیو بنەماڵەکەیو دکتۆر کەمال بەتاوانبار بزانم لەبەرئەوەی لەڕێگەیی یاساییەوە هیچ کەسێك تاوانبار نیە تاکو دادگا تاوانباری نەکاتو تاوانەکەی ڕوون نەکرێتەوە، بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتیەکان هیچ بەڵگەنامەیەك لە 100% باوەڕ پێکراو نابێت تاکو نەگاتە بەردەست دادوەران بەبەڵگەنامەی باوەڕپێکراو وەرناگیرێ.

ئەوەی کەمن ئەمەوێ بیڵێمو ڕووی نووسینەکەم ئەکەمە بەڕێز کاك عەدنان مفتی وەك سەرۆك پەڕلەمانی کوردستان ئەوەیە لەشارەکەی پیرە هەولێرێو لەپایتەختەکەی کوردستانێ لەژێر سایەیی پەڕلەمانەکەی بەڕێزیان ماوەی 5 ڕۆژێك دەبێت کەسێك بەناوی دکتۆر کەمال گیراوە کەم کەس ئەزانێ لەکام زیندان زیندانی کراوە ئەمەش وامان لێدەکات کەگومان بکەین ئاخۆ چەند کەسی تریش بەهەمان شێوەو دوور لەیاسا زیندانو بەبێ لێکۆڵینەوە تاوانبار کراونو مەرگ چاوەڕێیانە ، هەروەها دوو دڵیو گومانی ئەوەش هەیە کە دکتۆر کەمال لەناو برابێت بەبێ دادگایی کردن لەگەڵ ئەوەی زۆرکەس لەخەڵکی کوردستانو ڕۆشنبیران لەسۆراخی دکتۆر کەمال دانو لەهەوڵی ئازادکردنیدان تاکوو ڕۆژی دادگایی کردن ، بەڵام سەرۆك پەڕلەمانی کوردستان هیچ هەڵوێستێکی نیە بەرامبەر بەم ڕووداوە کەبەئاشکرا پێشێلکردنی مافی مرۆڤە ئەو مافی مرۆڤەی کە لەیاسایی کوردستاندا لەهۆڵی پەڕلەمان باسی لێوەدەکەن.

لەووڵاتێکدا ئەگەر دەزگایەکی نهێنی بتوانێ بەبێ ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکان کاری خۆی مەیسەر بکاتو پێشێلکەری مافی مرۆڤ بێت هیچ ڕێزێك بۆ یاسا دانەنرێ مانایی ئەوەیە ئەو ووڵاتە لانەی

پەروەردەو دروست کردنی دیکتاتۆرە میللەت بەرەو هەڵدێرو ژێرچەپۆکەیی ئەبات دیموکراسی بوونی نابێت پەرلەمان کارتۆنی دەبێت لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەم سەرەڕۆیی‌و یاسا شکاندنەش ڕووبەڕووی پەرلەمان ئەبێتەوە چونکە پەرلەمان سەرچاوەی یاسایە لەووڵاتو چاودێرە بەسەر دەزگاو بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە کەبەرپرسن لەکاروباری خەڵکی، بۆ ئەوەی پەرلەمانو ئەندامانو سەرۆك پەرلەمان متمانەی جەماوەر لەدەست نەدەن بۆ ئەوەی ببنە جێگەی ڕێزو سیقەی جەماوەر پێوویستە بەدەنگ هەموو هاوارە گەورەو بچووکەکانەوە بچن لەهەموو ڕووداو گۆڕانکاریەکاندا جێگە پەنجەیان دیاربێت لەڕووی یاساییەوە ، تاکو بتوانن یاسا بەرقەرار بکەن‌ئەگەر ئەو کێشەیەی دکتۆر کەمال سەید قادر بەکێشەیەکی سووك‌و ئاسان سەیر بکرێت دڵنیابن کێشەی لەوە گەورەتر ڕووئەدات ئەگەر ئەمڕۆ هەڵوێستان نەبێت ئایندەش ناتوانن هەڵوێست وەربگرن ئەگەر ئەمڕۆ کێشەیەك بکەن بەکێشەی شەخسی بۆ خۆ دزینەوە ئەوە سبەینێ کێشەی میللەکەش ئەکرێ بەکێشەی خێزان‌و لەبەرژەوەندی تاکەکەس بەگەڕ ئەخرێ، من لەلایەن خۆمەوە داوا دەکەم کەبەڕێز عەدنان مفتی سەرۆکی پەرلەمان بەدوداچوون بکات بۆ ئەو کێشەیەو بەزووترین کات بیکات بەکێشەیەکی یاسایی‌و تاکوبتوانرێت لەچوارچێوەی یاساو دادگاکانی کوردستان چارەسەر بکرێ‌و تاوانبارو بێتاوان لەڕووی یاساییەوە دیاری بکرێ‌و تاکو کۆمەڵانی خەڵك باوەڕی تەواو بەدەستورو یاسایی کوردستان بهێنێ‌و پەرلەمانی کوردستانش پیرۆزی خۆی لەدەست نەدات ، بۆ لەدەست نەدانی پیرۆزی کارەکەتان کات درەنگە .....